**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**ژمارە : ٢٨٥٠ لە ٢٠٢١/٤/٦**

ئاماژە بەکۆنووسی لیژنەی پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٩) لە ٢٠٢١/٣/٧ و پاڵپشت بە (یاسای نەخۆشیەکانی ئاژەڵ ) ژمارە (٦٨)ی ساڵی (١٩٣٦) ، و ماددەی (٢٧٠/سێیەم ) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) ، سەبارەت بە شێوازو ڕێکاری مامەڵەکردن بۆ کۆنترۆڵ کردنی دیاردەی بە قاچاغ هێنانی مەڕو ماڵات و ئاژەڵ لە سنورەکان بەم شێوەیەی خوارەوە .

**ڕێنمایی ژمارە(٦) ساڵی ٢٠٢١**

**هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە(٢١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

١- دەبێت ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات لەسەر سنوورەکان دەستیان بەسەردا بگیرێت کە بە ڕێگای فەرمی و ئاگاداری بنکەی کەرەنتینەی ڤێتەرنەری هاوردە نەکراون و ڕێگە پێدانی هاوردەکردنیان لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ نەکراون.

٢- لایەنی دەستگیرکار دەبێت دڵنیایی تەواوی هەبێت کە ئاژەڵ مەڕ و ماڵاتەکە هی هاووڵاتیان و دێهاتەکانی هەرێمی کوردستان نەبێت .

٣- لایەنی دەستگیرکار دەبێت بە کۆنووسی دەست بەسەر داگرتن و نووسراوی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار ئاگاداربکاتەوە و زانیاری تەواو تۆمار بکات لەسەر شێوازی گرتن و و ژمارە و جۆری ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتەکە و شوێن و کاتی دەست بەسەر داگرتن و ناوی خاوەن و شوفێر و ژمارەی ئۆتۆمبێل ( ئەگەر لە ئۆتۆمبێل دابوون ) و هەر زانیاریەکی تر پێویست بکات تۆمار بکرێت و وێنەیەک لە کۆنووسەکە بدرێت بە بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری.

٤- ئەگەر خاوەنەکەی ئامادەیی نەبوو (نادیار بوو) ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتەکە ، لەناو حەرەمی گومرگی یان هەر شوێنێکی دیاری کراوی تر لە ژێر چاودێری گومرگ دابنرێن تا ئەنجامی لێکۆلینەوە یەکلایی دەبێتەوە تێچووی بەخێوکردن و مانەوەی ئاژەڵ و مەڕ ماڵاتەکە دەکەوێتە ئەستۆی گومرگ ، بەڵام ئەگەر خاوەنەکەی پەیدا بوو دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنەکەی .

٥- کرێی مانەوە و بەخێوکردن بۆ یەك سەر مەڕ و ماڵات بۆ مانەوەو بەخێوکردن لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ یەک سەر ڕەشە وولاغ و وولاغی بەرزە (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار وەربگیرێت ، ئەگەر لەناو حەرەمی گومرگی مانەوە بڕی پارەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگەوە بۆ تێچووی بەخێوکردن سەرف دەکرێت و ئەگەر لە خان و گەوڕی دەرەوە گلدرانەوە دەبێت ئەو برە پارەیە بدرێت بە خاوەنی شوێنەکە

٦- دۆسیەی مەڕ و ماڵات و ئاژەڵی دەست بەسەردا گیراو لە رووی یاساییەوە هەر جۆر و بڕێک بێت لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگ بە ڕەچاوکردنی زانیاری و ڕێنماییەکانی ڤێتەرنەری یەکلایی بکرێتەوە .

٧- لە حاڵەتی یەکلابوونەوەی کێشەکە و دڵنیابوون کە بەشێوەی نایاسایی ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتەکە هاوردەکراون ، دوای کەرەنتینە کردن بۆ ماوەی (٢١) ڕۆژ ، بەپێی پێناسەی گومرگی ، گومرگ بکرێن و بەپێی ماددەی (١٩٤) یەکەم (ب) بڕگە (٣) سزا بدرێن و دواتر بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت :-

أ- ئەگەر وولاتی سەرچاوە کە مەڕ و ماڵاتەکەی لێوە هاتووە ، بەپێی ڕاپۆرتی (OIE) نەخۆشی مەترسیداری تیا هەبوو دەبێت مەڕوماڵاتەکە بنێردرێت بۆ کوشتارگە و بارمتەی یاسایی لە خاوەن مەڕو ماڵاتەکە وەربگیرێت تا ڕاپۆرتی سەربڕینیان دەهێنێت .

ب- ئەگەر وولاتی سەرچاوەکە ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتەکەی لێوە هێنراوە لە لیستی (OIE) نەبوو (مەڕوماڵات و ئاژەڵەکە ) بدرێتەوە بە خاوەنەکەی .

ج- ئەگەر مەڕو ماڵات و ئاژەڵەکان لە پشکنینی ڤێتەرنەری دەرنەچوون دەبێت بەپێی ڕێکارە یاسایی تەندروستییەکان سەر ببڕدرێن و لەناو ببردرێن .

٨- دوای ئەنجامدانی لێکۆلینەوەکان ئەگەر بەپێی بەڵگەنامەکان و شاهیدەکان دەرکەوت ئاژەڵ و مەڕوماڵاتە دەست بەسەر گیراوەکە هی ناوخۆیە ، دەبێت ڕاستەوخۆ ئازاد بکرێن و بڕی تێچووی مانەوە و ماڵاتە دەست بەسەر گیراوەکە هی ناوخۆیە ، دەبێت ڕاستەوخۆ ئازادبکرێن و بڕی تێچووی مانەوە و بەخێوکردن دەکەوێتە سەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگ

٩- ئەم ڕێنماییانە دوای (١٠) رۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی وئابووری**